# عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بە تاکڕەوی تۆمەتبار دەکات



عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرکۆماری عێراق داخباری خۆی سەبارەت بە رەفتارەکانی نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەربڕیوە و بێبەریبونی خۆی لێ دیارکردووە.

عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرکۆماری عێراق، سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەی بە تاکڕەوی لە بەڕێوەبردنی حوکمی وڵات و دابڕان لە حیزبەکانی دیکەی ئیئتیلافدا تۆمەتباری کردووە.

عادل عەبدولمەهدی کە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە و یەکێکە لە نزیکەکانی عەممار ئەلحەکیم و بنەماڵەی ئەلحەکیم ئاشکرای کردوە کە چەندین جار خواستویەتی متمانە لە حکومەتەکەی مالیکی بسەنرێتەوە، بەهۆی ئەوەی کە نوێنەرایەتی ئەو ئیئتیلافە ناکات کە مالیکیان گەیاندە دەسەڵات. ئەو پێیوایە کە حکومەتی ئێستا بەتەنیا نوێنەرایەتی یەک لایەن دەکات، کە ئەویش حزبی دەعوەیە.

عەبدولمەهدی گوتویەتی کە دەستوری وڵات دەسەڵاتی سەندنەوەی متمانەی لە حکومەت بە ئەنجومەنی نوێنەران داوە. جەختیشی کردۆتەوە کە پێشتر داواکراوە تا مالیکی بانگهێشتی پەرلەمان بکرێ، بەڵام رێکەوتنە سیاسییەکان لەناوخۆی پەرلەماندا رێگر بوونە لە ئەنجامدانی ئەو کارە، بەوهۆیەشەوە پەرلەمان بەشێوەیەکی بەرچاو ناکاراو کەم رۆڵ بووە.

ئاشکرابوونی ناکۆکیەکانی نێوان عادل عەبدولمەهدی و نوری مالکی خۆیابوونی ناکۆکیەکانی نێوان ئەنجوومەنی باڵای عێراق بە سەرۆکایەتی عەممار ئەلحەکیم و حزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی نوری مالکییە، چونکە هەم عادل عەبدولمەهدی لە پلەی حزبەکەی و لە حکومەتیشدا باڵادەستە، هەم نوری مالکی کەسی یەکەمی حزبی دەعوەو سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراقە، کەواتە ناکۆکیەکانی نێوانیان راستەوخۆ کاریگەری لەسەر هاوپەیمانی داهاتووی نێوانیان و پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەبێ.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە وێڕای ئەوەی کە عادل عەبدولمەهدی مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆیە، بەڵام رەفتارەکانی مالکی وایلێکردوە کە بێتە دەنگ و رەفتارەکانی لەقاو بدات، بەتایبەتیش ئێستا کە مالکی پشتی لە هاوپەیمانانی پێشووی کردوەو دەیەوێ دەستەڵاتی خۆی و حزبەکەی بەسەر حکومەتدا بسەپێنێ و سیاسەتەکانی خۆی پێڕۆ بکات.

جگە لە عادل عەبدولمەهدی، پێشتر چەندین بەرپرسی دیکەی لایەنە سیاسیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش نوری مالکیان بەوە تۆمەتبار کردبوو کە هەوڵی سەپاندنی خۆی دەدات و تەکڕەوانە بڕیار دەدات و گوێ لە هاوپەیمانانی پێشووی ناگرێ، هەرچی نوری مالیکیشە بە خشکەیی کارەکانی خۆی دەکات و بۆچوونەکانی خۆی دەسەپێنێ، بێباکانەش هەوڵی بەهێزبوونی حزبەکەی دەدات، بۆیە واچاوەڕوان ناکرێ کە دوای هەڵبژاردنی 2010-3-7 بتوانی پۆستی سەرۆکوەزیری وەدەست بێنێتەوە.

**سەرکار عەزیز**

# کەیسی هەڵەبجە لە دادگەی باڵای تاوانی عێراق دا

ئەو تاوانە گەورەیەی کە دژ بە گەلی کورد کراوە، مانایەکی روون و ئاشکرای هەیە، هەموو گەلانی دونیا، ئەوانەی لە نزیکەوە کورد دەناسن یان لە دورەوە گوێ بیستی تاوانی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە بوون، دەزانن لەو شارەدا تەنیا کورد دەژی و تەنیا کوردیشی تێدا ژیاوە.

جگە لەمە چەندین تاوانی پاکتاوی رەگەزی و بەعەرەبکرن و زیندە بەچاڵ کردنی بە کۆمەڵی کوردان کە تا ئێستاش گەڕان بە دوایان و دۆزینەوەیان بەردەوامە، شایەد حاڵی راستیەکانن. کەواتە لێرەدا لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد بە گشتی دڵخۆشن، کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە بەتایبەتی بە لەسێدارەدانی تاوانباری پلەیەک ' عەلی حەسەن مەجید' بەڵام جێگەی پرسیارە کە بۆچی دادگەی باڵای تاوانی عێراق کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو شەهیدبوونی پێنج هەزار کوردی سڤیلی بە جینۆساید نەناسی و وەک تاوانی دژە مرۆڤایەتی ناساند؟! هەڵبەت ئەنجامدانی تاوانەکە بەمەبەستی پاکتاوی رەگەزی بووە، ئەی بۆچی بە جینۆساید نەناسرا؟!

وەڵامی ئەم پرسیارە لە چەند روانگەیەکەوەیە، **یەکەم:** ئایە داواکارەکان جگە لە کوردی تیابوو؟ **دووەم:** ئایا تائێستا بیروهۆشی رەگەزپەرستی عەرەبی بەو شێوە دیارو بەرچاوە ماوە کە لە ناساندنی تاوانێکی وا قێزەوەن کاریگەری خۆیان دروست بکەن و نەهێڵن وەک خۆی دەربکەوێت؟! بەم پێیەش بۆ هەموو کورد دەردەکەوێت کە تا ئیستاش رەگەزپەرستانی عەرەب نەک تەنیا دژایەتی توندنی مافە رەواکانی گەلی کورد دەکەن، بەڵکو ناساندنی تاوانێکی وا قێزەوەنیش بەشێوە راستیەکەی خۆی بەکورد رەوا نابینن. **سێیەم:** ئایا کەمتەرخەمی کورد خۆی و سەرکردایەتیەکەی بوو؟ یان هی ئەوانە بوو کە سەرپەرشتی وەرگرتنەوەی مافی کوردیان دەکرد؟

لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەک بکەین و بەکارەکانی خۆمان دابچینەوە، چونکە ئەمە جاری یەکەم نیە لە حکومەتی فیدراڵی عێراقدا فێڵمان لێ نەکرێ و راستیەکانمان لێ نەشاردرێتەوە، نموونەش لەم بارەیەوە زۆرە وەک رێژەی کورسیەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ پارێزگاکارن، یاسای نەت و غاز، پێشمەرگە و....هتد

کەواتە پێویستە کە سەرکردایەتی کورد کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێ، بەتایبەت ئەو کەسانەی بۆ بابەتێک یان بۆ پۆستێکی ئیداری لە حکومەتی فیدراڵیدا دەستنیشان دەکرێن، دەبێ لێپێچینەوەیان لەگەڵ دا بکات، بەتایبەت کاتێک کە بڕیارێک دەردەچێت و سەرکردایەتی کورد لێی ئاگادار ناکرێتەوە.

**دیار عەبدوڵڵا**

# کۆنفرانسێک سەبارەت بە دێرسیم لەستوکهۆڵم بەڕێوەدەچێت



کۆنفرانسی دەرسیم لە 24 کانوونی دووەمی 2010 دا لەلایەن کۆمیتەی باکووری (کوردۆساید وۆچ)ەوە لە هۆڵە بەناوبانگەکەی "ئا بی ئێف"ی ستۆکۆهۆلم بەسترا. لەسەر ئازارو ئێشەکانی ئێمە، دەنگ و رەنگێکی نەتەوەیی و هاوکاریەکی سروشتی پێکهات و بە بەشداری دۆستانی گەلی کورد بوو بە جێگای گفتوگۆ و توێژینەوەی سەرنجراکێش، کە ئاستێکی نێونەتەوەیی وەرگرت.

"جوان حاجۆ" هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان، بە گۆرانی (دەرسیم مالا مەیۆ) جۆش و خرۆشێکی نەتەوەیی بەخشیە کۆنفرانسەکە. ئایدۆلۆژیاو سیاسەت بە نەرمی و سروشتیەوە رێگایان بۆ هاوکاری نەتەوەیی و کوردایەتی چۆڵکرد، دەنگی جوان حاجۆ هەیەجانێکی گەورەی لە هۆڵەکەدا دروستکردو باندۆرێکی مەزنی لە هزر و هۆشی ئامادەبووواندا بەجێهێشت

سەرۆکی کۆمیتەی باکووری چاک،"سەیدخان عەنتەر" بە ئاخافتنی خۆی، لە کۆمکوژی جولەکەکانەوە لە سەردەمی ئەڵمانیای نازیەوە دەستی پێکردو خۆی گەیاندە جینۆسایدی دەرسیم. ئەو رەخنەی لە سیاسەتی تورکیا گرت، پرسی داخستنی دەتەپەو هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیای بۆسەر دامودەزگا دیموکراسیەکانی گەلی کوردی خستە رۆژەڤەوە، "سەیدخان عەنتەر" داوای لە ئامادەبووان کرد کە پرسەکە زۆر بە جیدی وەرگرن.

"داڤید گاونت" ئاوای گووت:

"دەرسیم هیچ کاتێک سەری شۆڕنەکرد، هەردەم ئازادو سەربەخۆ بوو، دەرسیم سەرچاوەی سەرهەڵدانی نەتەوەیی بوو، هەروەها گیانی چەندەها مەسیحی، ئەرمەنی و ئاشووری لە دەرسیمدا پاراستران.

رژێمی "کەمال ئەتاتورک" وەک هەموو جار، بە بیانووی مەدەنیەت و دەرهێنان و لە ناوبردنی سیستەمی فیودالی لە دەرسیمدا، ژمارەیەکی بێشوومار سوپای ناردە سەر دەرسیم و قانوونی تایبەتی بۆ دەرکرد.

لە ئاسمانەوە بە هۆی فڕۆکەوە بۆردومانکراو سوپاش لە زەویەوە هێرشی هێنا، ژن، منداڵ، پیر وپیاو کەوتنە بەر هێرشەکان و جینۆساید پێکهات".

هۆکان بلومکڤیست" یش ئاوا سەبارەت بە دەرسیم دوا:

"کاتێک تورکیا لە دەرسیمدا دەستی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی کرد، جیهان بە پرۆبلێمەکانی خۆیەوە سەرقاڵ بوو، هەتا لە سویدیش نەبوو بە جێگای گفتوگۆ! دەبێت ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورددا هاتوون هەرگیز لەبیر نەکرێن و ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ لەبیرکردنی دەرسیم رێگا بۆ کارەساتی تر دەکەنەوە"

توێژەری ناودار "ئەڤین چیچەک" کە بە زمانی فەرەنسی توێژینەوەیەکی بە نرخی پێشکەشکرد، باسی لە بەڵگەو دکۆمێنتەکانی کۆمەلکوژیەکە کردو ژمارەی قوربانیانی جینۆسایدەکەی زۆر زۆرتر لەوە ناساند کە بەفەرمی و نافەرمی بلاو کراونەتەوە. ئەم ژمارانە نە لەلایەن جیهانەوە، نە لەلای خودی کوردەکانیشەوە زانراون!

چیچەک لەسەر دانیشتوان دەرسیم و ئەوانەی سەرنگوونکراون زانیاری باڵکێشی پێشکەشکرد.

نامەی سۆسیۆلۆگی گەورە دکتۆر "ئیسماعیل بێشکچی" کە بە تایبەتی بۆ کۆنفرانسەکەی ناردبوو و بە زمانی سویدی بۆ ئامادەبووان خوێنرایەوە، "بێشکچی" لە نامەکەیدا، لەسەر داخویانیەکانی کاربەدەستانی تورکیا لەسەردەمی کۆمکوژیەکەی دەرسیم وەستابوو. شێوازی بەربەریانەی لەناوبردنی ژن، منداڵ و مرۆڤی کوردی باسکرد. ئەو دەڵێت کە کۆمەڵکوژی دەرسیم جینۆسایدەو دەبێت بەوە بناسرێت.

رێزو ستایش بۆ کەسایەتی دکتۆر بێشکچی و راکانی بە شێوەیەکی ئاشکرا لە کۆنفرانسەکەدا بە دیار دەکەوت.

سێ کەسی دەرسیمی، پەرلەمەنتاری بەدەپەی شاری دەرسیم، "شەرافەتتین خالیس"، سیناریست و شانۆکار "کەمال گۆرگو" و شاهیدی کۆمەڵکوژی دەرسیم "عەلی گولتەکین" سەرنجی ئامادەبووانیان راکێشا.

"کەمال گۆرگو"، لە مۆنۆلۆگی دەرسیمدا، بە زمانێکی هونەری ئازارەکانی دەرسیمی لە گەڵدا بەشکردین.

پەرلەمانتاری دەرسیم" شەرافەتتین خالیس" بە باسی ئازاری قوربانیانی خانەوادەی خۆی دەستی بە قسەکانی کرد، لەسەر ئامادەکاریەکانی دەوڵەت بۆ کۆمەلکوژیەکە زانیاری دا. ئاکارو ئامادەکاریەکانی سەرفەرماندارو والی ناوچەکە"عەبدوڵڵا ئەڵپدۆغانی" وەک نموونە هێنایەوە. زۆر سەرنجراکێش بوو کاتێک باسی لەوەکرد کە دەرسیم چۆن بۆتە قوربانی سیاسەتەکانی "جەهەپە" لەگەڵ ئەوەشدا دوای کۆمەڵکوژیەکە ژمارەیەکی بەرزی دەنگی دەنگدەرانی دەرسیمی بەدەست دەخست!

"خالیس" لەسەر سیاسەتی دژ بە کوردانەی "ئاکەپە" زانیاری دا، ئاماژەی بە بەیاننامەی سەرکردایەتی "جەهەپە"دا سەبارەت بەم پرسە.

ئەو، وتەکانی خۆی ئاوا کۆتایی پێهێنا:

"ئەوەی لە دەرسیمدا روویدا، پرسێکی مرۆڤایەتیە، لەوێ قڕکردن دژی مرۆڤایەتی قەوماوە، بۆیە دەبێت مرۆڤایەتی سەبارەت بەم پرسە بێهەڵوێست نەمێنێت".

"عەلی گولتەکین"، باسی لە منداڵی خۆی و دەرسیمی ئەوساکرد. باسی لە خیزانە سەرنگوونکراوەکان و منداڵە رفێنراوەکان کرد. ئەوەی باسکرد کە لە مێژووی زۆر لەگەلاندا پەڕەی ڕەش و نهێنی هەنە. بەڵام مرۆڤ لە هەڵەکانی خۆی دەدوێ و دانیان پێدادەنێت. بەڵام کۆماری تورکیا ئەوە ناکات و نیازیشی نیە هەرگیز ئەمە بکات! ئەو هیوای خواست کە دەرسیم و پرسەکەی لە یاد نەکرێن و ئەم پرسەش بێتە هی سویێد و تەواوی مرۆڤایەتی.

سەرۆکی ئینستیتوی ئاشووریانی سوێد" جان بێت شاڤۆجە" سەرنجی ئامادەبووانی بۆ سەر تایبەتمەندیەکانی دەرسیم راکێشا لەمەڕ پاراستنی گیانی ناموسڵمانانداندا، ئەو وتی بەهۆی دەرسیم و خەڵکی دەرسیمەوە زۆر کەس لە کوشتن رزگاریان بوو، خەڵکی جیاواز هاتنە دەرسیم بوونە میوان وگیانیان پارێزرا، دواتر بە رێگای جیاواز چوونە دەرەوەی تورکیا. بەوەی کە دەرسیم لەبیر نەکرێت و ببێتە پرسێکی نێونەتەوەیی کۆتایی بە قسەکانی هێنا

یەکێک لەبڕگەکانی تری کۆنفرانسەکە ، هاوبەشی دەربڕینی کەمە ئاینیەکانی تری کوردستان بوو ، هەربۆیە ئێزدی و فەیلی و یارسانەکان بەبیری ئامادەبوانیان هێنایەوە گەلی کورد لەروی نەتەوەیی و ئایینی ڕووبەروی کوشتاری بەکۆمەلی نەتەوەیی بۆتەوە ، بۆیە تێک هەلکێشی ئازارەکانی خۆیان لەگەل برا دەرسیمیەکان دەربڕی و نوێنەری یارسانەکان لەکۆتاییدا پڕ بەگەروی هاواری کرد کە ئەوان بەکۆمەل هاولاتیانی کوردیان شەهید کرد ئێمەش دەلێن بژی کوردو کوردستان.

**کوردۆساید**